# لە بواری کاروباری پێشمەرگەدا

# له بواری كاروباری پێشمەرگەدا

حكوومـەتی هەرێمی كـوردسـتـان لـه ڕێگەی وەزارەتی كـاروباری پێشـمـەرگـەوە سـەرپەرشـتی ئیـدارەی لەشكری كـوردسـتـانی كـردووە، ئەو لەشكرەی كـە ئەركی سـەرەكـیی پاراسـتنی دەسـتكەوتەكـانی شۆڕشی ڕزگـاریخـوازی كوردستانە، لە سەرووی هەموویانەوە پاراستن و ڕاگرتنی ئەزموونی دیموكراتی گەلەكەمان كە پاش ڕاپەڕینە مەزنەكەی بەهاری ١٩٩١ هاتە كایەوە.

لەشكری كـوردسـتـان هەمـیشـە لە هەوڵی جیددی دایە بۆ خۆ ڕێكخسـتـنەوە و بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕوحییەت و توانای بەرگریی پێشمەرگە، بە ئومێدی ئەوەی لەشكرێكی نیزامی كوردستانپەروەر دروست بكرێت كە شان بەشانی بەرگریكردن لە هەموو دەستكەوتەكانی گەل و نیشتمان، هەمیشە جێگای متمانەی گەلی كوردستان و پارێزەری مافەكانی بێت. لەشكرێك بێت كە سوود لە زانستە سەربازییە هاوچەرخەكان و بیر و باوەڕ و ئەزموونی پێشـمـەرگـایەتی و خـەباتی نەپسـاوەی پارتی و بارزانی وەربگرێت و، بیكات بە مـەشخـەڵی ڕێگەی خـەبات و بەرخودان.

لە ساڵی ٢٠٠١دا ئەكادیمیای عەسكەری زاخۆ كە یەكێكە لە پرۆژە گرینگەكانی ئیدارەی كورد، بەردەوام بووە لەسـەر ئامـادە كـردن و پێگەیاندنی ئەفـسـەری شـارەزا و لێـهـاتوو بۆ ڕیزەكـانی لەشكری كـوردسـتـان. ڕۆژی ٢٠٠١/٩/١١ خولی چوارەمی ئەكادیمیا كۆتایی هات و پۆلێك ئەفسەری تر دەرچوون. بەر لەوەش لە سێ خولی تردا ژمارەیەكی زۆر لە پسپۆڕی سەربازی ئامادە كراون و خراونەتە ناو ڕیزەكانی لەشكری كوردستانەوە.

لە مانگی ٢٠٠١/٨دا لەشكری گوڵان پاش خولێكی چوار مانگی لە شەقڵاوە ئاهەنگی دەرچوون و دروستبوونی ئەو لەشكرە تێكۆشەرەی ساز دا.

هەر لەم ساڵەدا چەندین خـولی جۆراوجـۆر بۆ بەرزكـردنەوەی ئاسـتی سـەربازی و ڕۆشنبـیـریی پێـشـمـەرگـە و فەرماندەكان سازكراون وەك:

- كـردنەوەی چەندین خـولی فـەرمـاندەیی لەسـەر ئاستی لق و فـەرمـاندەی بەتالیـۆنەكـان بۆ پەرەپێـدانی زانیـاریی سەربازی و مەشق و ڕاهێنان لەسەر هونەری نوێی سەركردایەتی كردن.
- ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٢٢ لەشكری تایبـەتیی زاوێتـە دەرچوانی خـولی دوانزدەهەمی پێـشكێش بە لەشكری كـوردسـتـان كـرد و ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٣٠ كـۆتایی بە خولێك هێنا كـە تایبـەت بوو بە جێگری سـەرپەلەكـان. لەشكری تایبەتیی زاوێتە چوار ساڵ لەمەوبەر دامەزراوە و چەندین پسپۆڕ و شارەزا لە بواری پێشمەرگایەتی و سەربازیدا مەشق بە پێشمەرگەكان دەكەن.
- لە فێرگەكانی شەقڵاوە، پیرزین، كانی قرژاڵە... هتد چەندین خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ پێگەیاندن و باشتركردنی ئاستی پێشمەرگە لە ڕیزەكانی لەشكردا كراونەتەوە.
- هەر لە ساڵی ٢٠٠١دا ٢٥ خولی ڕۆشنبیری و سمیناری جیا جیا بۆ كادیرانی ڕێكخستنی پێشمەرگە ئەنجام دراون.

لەشكری كوردسـتان بەهۆی هەبوونی ئەو فێـرگـانە و لە سایەی ئەكـادیمیـای عـەسكەریی زاخۆوە توانیـویەتی چەند

هێزێکی نیزامی ڕێکبخات کە بەپێی سیستەمی نوێ و هاوچەرخی سەربازی تەواوی مەرجەکانی سەربازییان تێدایە و لە تێکڕای فێرگەکانیشدا ماوە بەماوە خۆنواندنی سەربازی ئەنجام دەدرێن، کە ئەویشیان هۆکارێکی ترە بۆ زیاتر ئاشناکردنی پێشمەرگە بە هونەرەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لە مەیدانی شەڕ و بەرەنگار بوونەوەی حاڵەتی کتوپڕ و نائاسایی.

هەر لە ڕوانگەی بایەخدان بە ژیان و بژێوی پێشمەرگە و ڕێزگرتن لە خەبات و ماندووبوونی پێشمەرگە قارەمانەکانی لەشکری کوردستان و شۆڕشەکانی گەلی کورد، ڕۆژی ٢٠٠١/١١/٢٢ لەسەر پێشنیازی فەرماندەیی لەشکری کوردستان پێشنیازێک بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بەرز کراوەتەوە سەبارەت بە دەرکردنی یاسایەک بۆ خانەنشین کردنی پێشمەرگە.

هەروەها یاسای خانەنیشن کردنی پێشمەرگەی پەککەوتە دەرچوو و کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

لە بواری بیناسازیشدا بەشی پرۆژەکانی لەشکری کوردستان توانیویەتی چەندین سەربازگە و جێگای حەوانەوەی پێشمەرگە لەسەر بنەمایەکی مۆدێرن دروست بکات و، هەر بۆ نموونە ڕۆژی ٢٠٠١/١/٣٠ بارەگای نوێی فەرماندەیی دهۆک کرایەوە کە لە ١١ هۆڵ پێک هاتووە و بە شێوازێکی ئەندازەیی هاوچەرخ بینا کراوە.

ئێستە لەشکری کوردستان بووەتە نموونەی لەشکرێکی کوردیی هاوچەرخ و، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەش لە لای خۆیەوە بەردەوام لە هەوڵ و کۆششدایە بۆ هەرچی باشترکردنی باری ژیان و گوزەرانی پێشمەرگەکانی کوردستان، ئەوانەی بوونەتە قەڵغانی بەرگری لە بەردەم هەڕەشە و مەترسییەکانی ناحەزان و دوژمنانی ئەزموونی گەلەکەمان. بۆ ساڵی نوێش لە بەرنامەیدایە کە ڕیزەکانی لەشکر بەپێی پلانێکی ڕێکوپێک زیاتر ڕێک بخرێت و، کاری دروستکردنی بارەگا و بنکەی سەربازی زیاتر و نوێکردنەوەی ئەو فێرگە و بارەگا و بنکانەی کە لەشکری کوردستان پێویستیەتی پەرەی پێ بدرێت.